# نابینان* و مێژووی تێکۆشانیان

# لە شاری سلێمانیی دا

قادر ڕەشید

بەپێی هەواڵی سایتەکانی ئینتەرنێت و بانگەوازی پارتی چەپی کوردستان بۆ جەماوەری کوردستان ، بە دەیان نابین لە بەردەم پارێزگای شاری سلێمانیی ، بوێرانە مانیانگرتووە و داوای چارەسەری بێدەرامەتیی و بژێوی ژیانیان ئەکەن.

وا بۆ چوار ڕۆژ ئەچێت و کاربەدەستانی شارەکە وەڵامیان نادەنەوە. هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی پیشەیی و خێرخوازانی ئەو شارە جگە لە نوێنەرانی پارتی چەپی کوردستان ، نەچوون بۆ پشتگیریی لە داخوازییە ڕەواکانیان. لە زۆرینەی وڵاتانی دنیادا مافی نابینان بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی پارێزراوە.

عێراق و کوردستان لەو وڵاتانەن کە لە دەستوریاندا مافی نابینان فەرامۆش کراوە.

ئەم نابینانە خاوەنی ڕێکخراوێکی پشتئەستوری بەرچاو نین کە بتوانن مافی ڕەوای خۆیان بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی ڕابگەیەنن و لە پەرلەمانی کوردستاندا سەقامگیری بکەن.

ئەوەی لە بیرم بێت لە سەرەتای ساڵەکانی 1950 دا شانبەشانی دروستبوونی نەقابە نهێنییەکان و یەکیەتییە پیشەییەکانی شاری سلێمانیی ، یەکییەتی مەلا و فەقێکانیش سەری هەڵدا و کەوتنە چالاکیی خۆیان و مەلا تۆفیق سەرکردایەتی ئەکردن.

ئەمانە بەناوی خۆیانەوە ڕۆژنامەیەکیان دەرئەکرد کە بریتی بوو لە سکاڵای حاڵی خۆیان و سوربوونیان لەسەر داخوازییەکانیان ، شانبەشانی نەقابە نهێنییەکانی شوفێران ، نانەوایان ، بەرگدرووان ، بەنایان و یەکیەتییە پیشەییەکانی قەسابان ، ئاسنگەران ، دارتاشان ، سەرتاشان ، بەقاڵان و..تد.

ئەم ڕێکخراوانە و حیزبی شیوعی عێراق لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا پشتگیرییان لە داخوازییەکانی یەکییەتی مەلا و فەقێکان ئەکرد کە لە حکومەتەوە بژێویان دابینبکرێت نەك بە سواڵکردن و سەدەقەی خەڵکیی ژیانیان دابینبکەن. ئەو کاتە ئێواران فەقێ ، مجەور و مەلاش بە ماڵانەوە ئەگەڕان بۆ ئەوەی خواردنیان پێبدەن کە پێیان ئەوت چێشتی مجەور ، برنج ، شلە ، یاپراخ ، شفتە و ساوەر ئەکرانە ناو هەمان لەگەنەکەی دەستیانەوە! بە سەرفترە و زەکاتی دەرودراوسێ ، وەك خێرپێکردن ئەژیان! ئێستا و ئەوساش ئەم توێژە لەلایەن حکومەتەکانی ئەو سەردەمە و ئەم سەردەمەشەوە! بێبەشن لە هەموو مافێکی ڕەوای خۆیان! مانگرتنی نابینان مافێکی ڕەوای خۆیانە و ئەبێت مافەکانیان دابینبکرێت.

وەزارەتی ئەوقاف هەر لە خزمەتگوزاریی ئەو مەلایانەدایە کە فەرمانبەری مزگەوتەکانن و لە پشتگیریی حیزبە ئیسلامییەکانیشدایە و نابینانیشی بەلاوە ناوە.

لە وڵاتی سوید ڕێکخراوێك هەیە بەناوی کۆمەڵەی نابینانی کورد لە سوید. زۆر چالاك و دڵسۆزن بۆ ئەندامەکانیان. ڕێکخراوی (شیا) ڕێکخراوێکی نابینانی سویدییە و هاوکارییەکی باشی نابینانی کورد ئەکەن. یاسای نەتەوەیەکگرتووەکانیان لە بارەی نابینانەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردیی. بۆ حاڵیبوون لەم یاسایە و بۆ داواکردن لە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنگرەیەکی فراوان ئەبەسترێت لە شاری (هێرنۆساند) لە باکوری سوید. لەسەر داوای ڕێکخراوی

نابینانی کورد لـه سوید لـه حکومەتی سوید و لـه حکومەتی هەرێمی کوردستان ، داواکراوە کە 9 نابینی کورد لـە کوردستانەوە بێن بۆ سوید بۆ بەشداریی لـە کۆنگرەی نابینانی جیهانیی لـە سوید. هەردوو لا واتە سویدیش و کوردستانیش ڕازیی بوون و ئەو 9 نابینە لـەسەر نەفەقەی حکومەتی کوردستان لـە کوردستانەوە دێن و بەشداریی ئەکەن لـەو کۆنگرەیەدا ، بە عێراق و کوردستان ڕائەگەیەنن کە ئەو یاسای نێو دەوڵـەتییە لـە دەستوری عێراق و کوردستاندا بچەسپێت. ئەم داواکردن و هاوکارییە کۆتایی پێهاتوە و بەم نزیکانە ئەنجامئەدرێت.

جا بڕوانن نابینانی وڵاتەکەمان لـە دێر زەمانەوە لـە چ نارەحتیی و کەساسیی و بێیاساییدا ئەژین!

ئەرکێکی گرنگ و پێویستە لـە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە پیشەییەکان و تەواوی نیشتمانپەروەران کە بە پەلـە بە دەنگ داخوازییەکانی نابینان و مانگرتووانەوە بچن. ئەم مانگرتن و خۆپێشاندان و بەنزینخانە سوتاندن و کۆڕ و کۆبونەوە و نارەزاییە کە بە عەفەوی دەستپێئەکات و لـە ڕێگەی داپڵۆسین و هەڕەشە و گرتن و ڕاونان و لـەخشتەبردنەوەوە کۆتاییان پێئەهێنرێت! لـەبەرئەوەی حیزبێك ، لایەنێك نیە خۆی بکاتە خاوەنی ئەو چالاکییانە و ڕێنماییان بکات و خۆی بکاتە بەرپرسیار. بە هۆی نەبوونی ئەم بەرپرسییەوە ، جا ئیتر بەرپرسیاریی حیزبێك بێت یان سەندیکایەك ، چالاکیی و مانگرتن و نارەزاییەکان بە ئاسانیی لـەلایەن کاربەدەستانەوە پوچەڵئەکرێنەوە. ئەوەی جێگای داخ و سەرنجە ، هیچ حیزبێك ، هیچ لایەنێك بەهانای ئەم نابینانەوە نەچوون ، بەڵام وەك لـە سایتەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە ، تەنیا پارتی چەپی کوردستان بووە کە خەمخۆریی خۆی وەك ئەرك ڕایگەیاندووە. داواکارم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پەلـە داخوازییەکانیان ڕەچاوبکەن و لـە بنەڕەتدا چارەسەری مافی نابینان وەك یاسای نێودەوڵـەتیی دیارییکردوە ، پێیان ڕەوا ببینرێت و لـە پەرلـەمانی کوردستانیشدا ئەو یاسایە بەرجەستەبکرێت.

2006-07-22

* لـە نوسراوێکی نەوزاد وەلی دا هاتووە: (نابینا) وشەیەکی هەڵـە و داتاشراوە ، بە کوردیی وشەی (کوێر) بەکارئەهێنرێت ، بەڵام لـەبەرئەوەی کە ئەم وشەیە زیادتر بە نێگەتیڤیی بەکارئەهێنرێت ، بۆیە هەوڵدراوە کە وشەیەکی بۆ دابتاشرێت.

بینا لـە عەرەبییەوە هاتووە و مانای خانوو یان خانووبەرە ، (نا) ئامرازی نەبوونە (نەفییە) و نابیناش مانای ناخانوو یان ناخانووبەرە ، بەڵام (بین) چاوگی بینینە و (نابین) مانای ئەو کەسەیە کە (نابین)ێــت ، هەرچەندە وەك وتمان ئەم وشەیەش هەڵـەیە ، بەڵام لـە نابینا ڕاستترە! ئەگەر شێواندنی زمانی کوردیی هەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت ، ئەوا دوو ڕۆژی تر بە (کەڕ) ئەڵێن نابیست و بە (لاڵ)یش ناقسە ، یان ناقسەکەر!!!